# ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکاری پەروەردەیی

م. سازان محمد سعيد كريم
Sazan.kareem@univsui.edu.iq

م. تارا محمود سلێمان
tara.sleman@univsul.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٤/١٥

**پوختەی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بەپێی بنەماکانی (موچە، پێگەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان)، خستنەڕووی هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕەزامەندی پیشەیی لەڕووەکانی (لایەنی کارگێڕی، ژینگەی کارکردن، خولەکانی ڕاهێنان)، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان ڕەزامەندی پیشەیی وکاری ڕێنماییکاری پەروەردەیی، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە وپێناسەکردنی چەمکەکان وتوێژینەوەکانی پێشوو دەگرێتەخۆ، بەشی دووەمی توێژینەوەکەش بریتییە لە گرنگی ڕەزامەندی پیشەیی وکاریگەرییەکانی وتایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی و ئەرکەکانی خراونەتەڕوو، بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەت کراوە بەچوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکەو ڕێوشوێنە مەیدانییەکان، هەروەها بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە میتۆدی (وەسفی، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، بەراوردکاری) بەکارهاتووە، نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە(١٠٠) ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە بەشێوازی هەڕەمەکی وەرگیراون، لەگرنگترین ئامرازەکانی توێژینەوەکەبریتییە لە(پێوانەکردن) بۆ پێوانەکردنی ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکاری پەروەردەیی، پاشان ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو:

١- ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی بەپێی بنەماکانی(پێگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەلاتیەتییەکان) لەخوێندنگە حکومییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی لەئاستێکی بەرزدایە، بەڵام بەپێی بنەمای (موچە) لەئاستێکی نزمدایە.

٢- ڕەزامەندی خودی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەپیشەکەیان لەئاستێکی بەرزدایە.

٣- پەیوەندی نێوان ڕەزامەندی پیشەیی و پیادەکردنی پیشەیی ڕێنماییکاران لەخوێندنگەدا پەیوەندییەکی ئەرێنییە.

٤- پەیوەندییەکی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەزامەندی پیشەیی و (لایەنی کارگێڕی و ژینگەی کارکردن وبەشداربوونیان لەخولی ڕاهێنان)، ئەمەش هۆکارە بۆ پابەندبوونی ڕێنماییکاران بەپیشەکەیان لەخوێندنگەدا.

**پێشەکی**

خوێندنگە وەک ڕێکخراوێک تاکەکانی دادەمەزرێنێت بۆئەوەی درک بەبوونی خۆیان بکەن وئامانجەکانیان بەدی بهێنن، لەدیارترین ئەو ئامانجانەش بەرهەمهێنانی مرۆڤی دەستەبژێرو بەرپرسیارە، خوێندنگە وەک هەر دەزگایەکی دیکە ستافی جیاوازی لەکارمەندان تێدایە، لەنێو ئەو کارمەندانەشدا ڕێنماییکاری پەروەردەییە، کەکارامەییەکی تایبەت بەخۆیان هەیەو پێشوەخت لەڕووی تیۆری وپراکتیکیەوە لەزانکۆکاندا ئامادەکراون، لەپێناو یارمەتیدانی ئەوخوێندکارانەی کێشەی تایبەت

بەخۆیان هەیە، هەروەها بەرەوپێشبردن وگەشەپێدانی تواناکانی خوێندکاران لەپێناو ئەوەی مرۆڤێکی بەرهەمداریان لێدەربچێت، لەگەڵ ئەوەشدا زیادکردنی توانا مرۆییەکانی خوێندکاران وئامادەکردنیان بۆئەوەی کەبەردەوام پەیوەندییەکی داینەمیکییان لەگەڵ کۆمەڵگەکەی خۆیاندا هەبێت، هەروەها پاراستنی خوێندکاران لەو کێشەو مەترسییانەی ڕەنگە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، واتە ئاگابوون لەو کێشانەی لەدەرەوەی خوێندنگە ڕوودەدەن ورەنگە ببنە مەترسی لەسەر ژیانی خوێندکاران.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر ڕێنماییکاری پەروەردەیی ڕەزامەند بێت لەکارو پیشەکەی وادەکات باشتر کاروبارەکانی ڕۆژانەی ڕاپەڕێنێت و خوێندکارو ستافی خوێندنگەو خێزانی خوێندکار زیاتر سوودمەند ئەبن لەکارو چالاکیەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی.

بەشی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەو پێناسەکردنی چەمکەکان

باسی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

لەم باسەدا هەوڵدەدەین باس لەهەریەک لە کێشەتویژینەوەکەو گرنگی توێژینەوەکە وئامانجەکانی توێژینەوەکە بکەین، بەم شێوەیە:

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**

ڕێنماییکاری پەروەردەیی کارەکتەرێکی سەرەکیە لەخویندنگەکاندا ورۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەپێشخستنی کەرتی پەروەردەدا، بەهۆی گۆڕانکارییەکانی سەردەم وبوونی کێشەی جۆراوجۆر لەخوێندنگەکاندا وایکردووە ئەرکی ڕێنماییکاری پەروەردەیی قورستر ببێت، لەگەڵ ئەمانەشدا بوونی دەروونێکی ئارام وهەستێکی خودی پۆزەتیڤ بەلەبەرچاوگرتنی پێداویستییە سەرەکیەکان بۆ ڕێنماییکارانی پەروەردەیی وادەکات باشتر کاروبارەکانی خوێندنگە بەرێوە ببات.

بێگومان کێشەی هەر توێژینەوەیەک لەپرسیارێکی ووردو کاریگەرەوە دەستپێدەکات، وەک ئاگادار کەرەوەیەک لەبیرو هەستی توێژەردا چەکەرەی کردووە وداوای وەڵامێکی زانستی ودروستی لێدەکات، ئەوەی ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەردەکاتەوە پرسیارێکی سەرەکییە، ئەویش:

ئایا ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەخوێندنگە حکومیەکاندا ڕەزامەندی پیشەییان هەیە؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی توێژینەوەکە لەهەردوو گرنگی تیۆری وپراکتیکی دەخەینەڕوو:

**١.گرنگی تیۆری:**

أ_گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەگەیاندنی پەیامە تیۆرییەکانی بابەتەکەدا دەبینێتەوە کەمەبەستمانە توێژینەوەی لەسەر بکەین، ئەمیش بەتیشک خستنە سەر ئەوپەرتووکە نوسراوانەی لەسەر بابەتەکەن ودەبنە پاڵپشت بۆ توێژینەوەکە.

sjh@univsul.edu.iq

ب_ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بەڕەزامەندی پیشەیی بابەتێکی گرنگە، هەروەک دەزانرێت زۆرێک لەکەسەکان لەدوای ژینگەی خێزانیان زۆرترین کاتەکانیان لەنێو ژینگەی کاردا بەسەردەبەن، ئەمەش وادەکات هاوڕێیەتی بۆماوەیەکی زۆر لەنێوان هاوپیشەکاندا بمێنێتەوە، بەجۆرێک زۆرجار شوێنی کار بەماڵی دووەم وهاوپیشەکانیش بەخێزانی کار ناودەبرێن، هەربۆیە بەگرنگمان زانی کەتوێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەنجام بدەین.

**٢.گرنگی پراکتیکی:**

زانینی ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەخوێندنگە حکومیەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی بەپشت بەستن بەداتاو ئاماری زانستی ورد وسوودوەرگرتن لەو ئەنجام وڕاسپاردەو پێشنیازانەی ئەم توێژینەوەیە پێی دەگات.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

١_دیاریکردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بەپێی بنەماکانی (موچە، پێگەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان).

٢_ خستنەڕووی هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕەزامەندی پیشەیی لەڕووەکانی (لایەنی کارگێڕی، ژینگەی کارکردن، خولەکانی ڕاهێنان).

٣_ زانینی پەیوەندی نێوان ڕەزامەندی پیشەیی وکاری ڕێنماییکاری پەروەردەیی.

**بەشی دووەم/ پێناسەکردنی چەمکەکان**

لەم باسەدا هەوڵمانداوە ئاماژە بەکۆمەڵێک چەمک بکەین کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەبابەتی توێژینەوەکەوە هەیە، ئەو چەمکانەش (ڕەزامەندی پیشەیی، ڕێنماییکاری پەروەردەیی، خوێندنگە)

**یەکەم: ڕەزامەندی پیشەیی**

ڕەزامەندی پیشەیی هەڵسەنگاندنی گشتی کەسێکە بۆکارەکەی بەوەی کەخواستی لەسەرە یاخود خواستی لەسەر نیە، واتە ڕەزامەندی پیشەیی دەبێتە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی مرۆڤ لەسەر کارەکەی. (Meier and Spector, 2013,1)

لەسەرچاوەیەکی دیکەدا پێناسەی ڕەزامەندی پیشەیی دەکات بەوەی هەڵوێست وهەستی کارمەندان بەرامبەر بەکارەکانیان نیشاندەدات، هەرکات کارمەند هەڵوێستی ئەرێنی بوو بەرامبەر بەکارەکەی ئەوە ئاماژەیە بۆ ڕەزامەندبوون لەکارەکەی، بەپێچەوانەشەوە هەر کاتێک هەڵوێستی نەرێنی بوو بەرامبەر بەکارەکەی ئەوا ئاماژەیە بۆ ناڕازی بوون لەکارەکەی. (More, 2023,1)

پێناسەی ڕێکاری بۆچەمکی ڕەزامەندی پیشەیی (بریتیە لەهەستێکی خودی پۆزەتیڤی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی بەرامبەر بەکارەکانیان لەخوێندنگە حکومییەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەباشترین شێوە کارەکانیان جێبەجێ بکەن).

**دووەم: ڕێنماییکاری پەروەردەیی**

کەسێکی ئەکادیمیە لەپێناو یارمەتیدانی لایەنی دەروونی وکۆمەڵایەتی خوێندکار وگەشەدان بەتواناکانیان وئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوامە لەکاتی پرۆسەی خوێندندا. (Gavalda, 2022,1)

ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەڕووی زانستی وپراکتیکیەوە لەزانستی کاری کۆمەڵایەتیدا ئامادەکراون لەسەر بنەمای پێوەرو پرەنسیپی تایبەت بەکارکردن لەدامەزراوە پەروەردەییەکاندا، ئەمەش بەئامانجی پاڵپشتی وهاوکاری خوێندکار لەڕووی پەروەردەیی وفێرکردنەوە، هەروەها وەک سەرچاوەیەک بۆیارمەتیدانی خوێندکار بۆزاڵبوون بەسەر بەربەستەکانی خوێندن وگەشەکردن لەدامەزراوەی خوێندنگەدا. (قادری وئەوانی دیکە، ٢٠٢١، ٣٥٢)

پێناسەی ڕێکاری بۆڕێنماییکاری پەروەردەیی (ئەوکارەکتەرەیە لەڕووی هونەری وپیشەیی پراکتیزەی کارەکەی لەخوێندنگە حکومیەکاندا دەکات ودەرچووی بەشەکانی کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، دەروونناسین، پێشوەخت لەڕووی تیۆری وپراکتیکیەوە ئامادەکراون بۆکارکردن لەخوێندنگەکاندا، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بنەماو پرەنسیپ بەئامانجی یارمەتیدانی خوێندکارو خێزانی خوێندکارو خوێندنگە).

**سێیەم: خوێندنگە**

ئەو دامەزراوەیەیە کەتاک ئامادە دەکات وبەهرەو لێهاتوییەکانی پەرەپێدەدات ودەرفەتی گەشەی تەواوی بۆدابین دەکات، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئاراستەی دەکات کە خۆی بگونجێت لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەوگۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا. (أسماء،٢٠١٦، ٩٠)

لەپێناسەیەکی دیکەدا پێناسەی خوێندنگە دەکرێت بەوەی هەرەمێکی پەروەردەییە کەقۆناغەکانی خوێندنی بەپێی ئاست ولەپرۆسەیەکی بەردەوام وشارستانی تیایدا پۆلێن کراوە، تاکو وەرچەرخان وگۆڕانکاری لەبونیادی کۆمەڵایەتی وپەروەردەیشدا دروست بکات، لەڕێگەی بەدەستهێنانی چەندین توانا ووزەی نوێوە.(ئەحمەد، ٢٠٠١، ٢٨)

پێناسەی ڕێکاری بۆخوێندنگە (دامەزراوەیەکی پەروەردەیی وفێرکارییە، خوێندنگەی بنەڕەتی وئامادەییە حکومییەکانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا ڕۆژهەڵاتی ناوەندی شاری سلێمانی).

**باسی سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو**

لەم توێژینەوەیەدا چەند توێژینەوەیەکی پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، سوودوەرگرتن لەڕێگا زانستییە بەکارهێنراوەکانی ئەم توێژینەوانەو خستنەڕووی ئەنجامەکانیان، لەو توێژینەوانەش:

١_ (صابر،٢٠٠٧) بەناونیشانی ( الرضا الوظيفي لدى اعضاء هيئة التدريسين في كليات جامعة السليمانية وعلاقته ببعض المتغيرات)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێوانەکردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ئەندامانی دەستەی وانەبێژانە لەکۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی، هەروەها زانینی بوونی جیاوازی لەئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ئەندامانی دەستەی وانەبێژان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆری، بڕوانامە، تەمەن). میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی) و ئامرازی

sjh@univsul.edu.iq

کۆکردنەوەی زانیاری (پێوەر) بەکارهاتووە، نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (١٠٠) مامۆستای زانکۆ لە(١٠) بەشی زانکۆی سلێمانی وەرگیراون، کەپلەی زانستییان (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر)ە، لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە کە ئەندامانی دەستەی وانەبێژان نیگەرانن، لەبەرئەوەی لە بارودۆخێکی فەرامۆشکراودان و ناهاوسەنگی هەیە لە گرنگییێدان لە نێوان پسپۆرییە جیاوازەکاندا، هەروەها کەمی گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی توانا وپاداشتکردنی زانستی بۆ ئەندامانی دەستەی وانەبێژان، هەروەها هاوسەنگی نییە لەنێوان هەوڵ وماندووبوونیان لەگەڵ دەستکەوتەکانیان، لەبەرئەوە لە ئەنجامدا دەرکەوت ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ئەندامانی دەستەی وانەبێژان لەئاستێکی لاوازدایە، جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆری، پلەی زانستی، خزمەتی کارکردن)، بەڵام جیاوازی دەرنەکەوت لەئاستی گۆڕاوی تەمەن.

٢_ (غفور،٢٠١٣) بەناونیشانی (الرضا الوظيفي للأخصائي الاجتماعي وعلاقته بالكفاية المهنية)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ولێهاتوویی پیشەیی پسپۆرانی کۆمەڵایەتی لەخوێندنگەکاندا، زانینی ئاستی جیاوازی ڕازیبوون لەکار ولێهاتوویی پیشەیی لەلای پسپۆرانی کۆمەڵایەتی بەپێی (ڕەگەز، تەمەن، باری خێزانی، پسپۆری، ساڵانی خزمەت)، هەروەها زانینی بوونی پەیوەندی لەنێوان ڕەزامەندی پیشەیی ولێهاتوویی پیشەیی لای پسپۆرانی کۆمەڵایەتی لەخوێندنگەکاندا. میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی ( وەسفی، ڕووپێوی کۆمەلایەتی) وئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری (پێوەر) بەکارهاتووە، نموونەی توێژینەوەکە (٣٣٠) پسپۆری کۆمەڵایەتی لەخوێندنگەکانی شاری سلێمانی وەرگیراون، توێینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز هەیە لەنێوان ڕەزامەندی پیشەیی ولێهاتوویی پیشەیی لەلای پسپۆرانی کۆمەڵایەتی لەخوێندنگەکاندا، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە فەراهەمکردنی پێویستییەکانی کارکردن بۆ پسپۆرانی کۆمەڵایەتی لەخوێندنگەکاندا کاریگەری لەسەر ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی وڕەنگدانەوەی لەسەر لێهاتوویی پیشەیی هەیە.

٣_ (حەسەن،٢٠٢٣) بەناونیشانی (ڕەزامەندی پیشەیی مامۆستایانی زانکۆ)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانین وخستنە ڕووی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستایانی زانکۆ لەزانکۆ حکومی وناحکومییەکان، بەراوردکردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی مامۆستایانی زانکۆ لەزانکۆ حکومی وناحکومییەکان وزانین وخستنەڕووی کاریگەری ڕەزامەندی پیشەیی لەسەر ئەدای کارکردنی مامۆستایانی زانکۆ، هەروەها زانین وخستنەڕووی جیاوازی ڕەزامەندی پیشەیی مامۆستایانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، پلەی زانستی، ساڵانی خزمەت). میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی (وەسفی، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، بەراوردکاری)بەکارهاتوون، وئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری (پێوەر)بەکارهێنراوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوون لەمامۆستایانی زانکۆ لە(زانکۆی سلێمانی وزانکۆی پۆلیتەکنیکی) وەک زانکۆی حکومی، و(زانکۆی جیهان و زانکۆی تیشک و زانکۆی کۆمار) وەک زانکۆی ناحکومی بەشدار بوون. نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(٣٠٠) مامۆستای زانکۆ لەهەردوو ڕەگەز لەو زانکۆیانەی ئاماژەیان پێدرا وجۆری نموونەی توێژینەوەکە (هەڕەمەکی سادە)یە. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لە:

١_ مامۆستایان لەهەریەک لەزانکۆ حکومی وزانکۆ ناحکومییەکاندا ڕەزامەندی پیشەییان هەیە، بەڵام مامۆستایانی زانکۆ ناحکومییەکان ئاستی ڕەزامەندی پیشەییان بەرزترە بە بەراورد بە مامۆستایانی زانکۆ ناحکومییەکان.

٢_ لەڕووی بەڕێوەبردن مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکان ئاستی ڕەزامەندییان بەرزترە بە بەراورد بەمامۆستایانی زانکۆ ناحکومییەکان، بەڵام زانینی ڕەزامەندی پیشەیی لەڕووی (ژینگەی کارکردن، پەیوەندی پیشەیی، دەروونی یاخود کەسی) یەوە مامۆستایانی زانکۆ ناحکومییەکان ئاستی ڕەزامەندییان بەرزترە،

٣_ پەیوەندی هەیە لەنێوان ڕەزامەندی پیشەیی وئەدای کارکردن لای مامۆستایانی زانکۆ، واتە تا ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی زیاتر بێت ئەدای کارکردن بەرزتردەبێت وبەپێچەوانەوە.

گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

١_ ئامانجەکان: پێوانەکردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ئەندامانی دەستەی وانەبێژان لەکۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی ئامانجی توێژینەوەی(صابر،٢٠٠٧)، بەڵام ئامانجی (مصطفى،٢٠١٣) بریتیە لە زانینی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ولێهاتوویی پیشەیی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لەخوێندنگەکاندا، هەروەها ئامانجی(حەسەن،٢٠٢٣) زانینی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستایانی زانکۆ لەزانکۆ حکومی وناحکومییەکان وبەراوردکردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی مامۆستایانی زانکۆ لەزانکۆ حکومی وناحکومییەکان، بەڵام ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکاری پەروەردەیی بەپێی بنەماکانی (موچە، پێگەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) و خستنەڕووی هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕەزامەندی پیشەیی لەڕووەکانی (لایەنی کارگێڕی، ژینگەی کارکردن، خولەکانی ڕاهێنان)، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان ڕەزامەندی پیشەیی وکاری ڕێنماییکاری پەروەردەیی.

٢_ نموونەی توێژینەوە: (صابر،٢٠٠٧) نموونەی توێژینەوەکەی لە (١٠٠) مامۆستای زانکۆ لەهەریەک لە (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) کە هەریەکە لە (١٠)بەشی زانکۆی سلێمانی وەرگیراون، (مصطفى،٢٠١٣) نموونەی توێژینەوەکەی (٣٣٠) پسپۆڕی کۆمەڵایەتییە لەخوێندنگەکانی شاری سلێمانی، هەروەها (حەسەن،٢٠٢٣) نموونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە(٣٠٠) مامۆستای زانکۆ لەهەردوو ڕەگەز وجۆری نموونەی توێژینەوەکە (هەڕەمەکی سادە)یە، بەڵام نموونەی ئەم توێژینەوەیە (١٠٠)ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەهەردوو ڕەگەز وەرگیراوە لەخوێندنگە بنەڕەتی وئامادەییە حکومییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی.

٣_ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری: هەریەک لەتوێژینەوەکانی(صابر،٢٠٠٧) و(مصطفى،٢٠١٣) وهەروەها (حەسەن،٢٠٢٣) ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری (پێوەر)یان بەکارهێناوە، بەهەمان شێوەش لەم توێژینەوەیەدا (پێوەر) وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە.

**بەشی دووەم:** گرنگی وکاریگەری ڕەزامەندی پیشەیی لەسەر ڕێنماییکاری پەروەردەیی و تایبەتمەندی وئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی

**باسی یەکەم/** گرنگی وکاریگەری ڕەزامەندی پیشەیی لەسەر ڕێنماییکاری پەروەردەیی

لەم باسەدا هەوڵدەدەین گرنگی ڕەزامەندی پیشەیی و کاریگەرییەکەی لەسەر ڕێنماییکاری پەروەردەیی ڕوون بکەینەوە، بەم شێوەیە:

**یەکەم:گرنگی ڕەزامەندی پشەیی**

بێگومان ڕەزامەندی پیشەیی وەک هەر پێکهاتەیەکی دۆخی دەروونی وفیزیۆلۆژی وژینگەیی دەبنە هۆی ئەوەی کەکەسێک بەڕاستی بڵێت لەکارەکەم ڕازیم، بەپێی ئەم گوزارشتەش ڕەزامەندی پیشەیی لەژێرکاریگەری ژمارەیەک فاکتەری دەرەکیدایە، بەڵام بەهەندێک فاکتەری نێوخۆیی بەردەوامی دەبێت کەپەیوەندی بەشێوازی هەستکردنی کارمەندەوە هەیە.

ڕەزامەندی پیشەیی دەبێتەهۆی زنجیرەیەک گۆڕانکاری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ڕێکخراوەیی، هەندێک لەوانە وەک پەیوەندی ڕەزامەندی پیشەیی بەئاستی بەرهەمهێنان لەلایەن کارمەندەوە، دڵسۆزی بۆکار کەیەکێکە لەو مەرجە گرنگانەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی دەبێت بەڕێوەبەرانی سەرچاوە مرۆییەکان هەیانبێت، هەر لەو چوارچێوەیەداو بەپێچەوانەوە هەرکاتێک نارەزامەندی لەلایەن کارمەندانەوە بەرامبەر بەکارەکانیان هەبێت، ئەوا ئەوکارکەرانە شوێنی کارەکانیان بەجێدەهێڵن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشە بۆئەو شوێنی کارانە دروست دەکات، کەواتە لێرەدا باشترین ڕێگا بۆ خۆبەدوورگرتن لەنارەزایی کارمەندان ئەوەیە ئاستی ڕەزامەندی کارمەندان وکارکەران بەرامبەر کارەکانیان بەرزبکرێتەوە، پوختەی بابەتەکەش ئەوەیە تاپلەی ڕەزامەندی پیشەیی زیاتر بێت خۆبەدوورگرتنی کارمەندان وکارکەران لەکارەکانیان کەمتر دەبێت.(Azari B, 2011, 85)

**دووەم: کاریگەری ڕەزامەندی پیشەیی لەسەرڕێنماییکاری پەروەردەیی**

ڕەزامەندی پیشەیی کاریگەری گەورەی لەسەرکارکردنی کارمەندان هەیە، بەپێچەوانەشەوە نەبوونی ڕەزامەندی پیشەیی دەبێتەهۆی زیادبوونی ئامادەنەبوون وگۆڕانکاری ناپێویست لەکاردا، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری لەسەر زیادبوونی ئاستی پلەی بەختەوەری کارمەند لەشوێنی کارەکەیدا هەیە، ئەمەش ڕوانگەیەکی ئەرێنی لەلایەن کارمەندەوە بەرامبەر بەکارەکەی دروست دەکات.

ئەو کارمەندانەی ڕەزامەندی پیشەییان هەیە، داهێنەرن لەکاردا، نەرم ونیان ولەسەرخۆن لەجێبەجێکردنی کاروبارەکانیان، دڵسۆزن بۆئەرکی سەرشانیان، پابەندن بەکاتی کارکردنیان، هەروەها ڕەزامەندی پیشەیی ئارەزووی کارمەندان وکارکەران بۆ کارەکانیان زیاددەکات، لەئەنجامیشدا بەهای زیاتر بەدامەزراوەکە دەدات وکاریگەری لەسەر کوالێتی بەرزی بەرهەم وئەنجامی کارەکان دەبێت.

زیادبوونی ڕەزامەندی پیشەیی دەبێتەهۆی ڕەزامەندی لەکۆی ڕەهەندەکانی دیکەی کارەکە، بەڵام هەرکاتێک کارمەند نارازی بوو لەموچەکەی دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەڕەزامەندی پیشەیی بوونی نامێنێت، بێگومان موچە یەکێکی دیکەیە لەو خاڵە گرنگانەی کەڕەزامەندی پیشەیی لای کارمەندان دروست دەکات، کارمەندان دەبێت بەرامبەر ئەنجام گەیاندنی کارەکانیان لەڕووی مادییەوە پاڵپشتی بکرێن.

لەلایەکی دیکەوە نەبوونی ڕەزامەندی پیشەیی دەبێتە هۆی فشاروخەمۆکی کارمەندان وئەمەیش هۆکارێکی سەرەکیە بۆلەدەستدانی کار لەلایەن کارمەندانەوە.

لەدیارترین ئەوخاڵانەش کەڕەزامەندی پیشەیی دروست دەکەن بریتین لە (خودی کارمەندەکە، چاودێکردنی شێوازو ڕێکخستن وبەڕێوەبردن، دەرفەتی پلەبەرزکردنەوە، موچەوسوودە داراییەکان، هاوکاریکردن، بارودۆخی کارکردن). (Al Jenaibi, 2010, 66)

sjh@univsul.edu.iq

بەپێی توێژینەوەیەک لەویلایەتی ئەنامبرا، دەرکەوت نەبوونی ڕەزامەندی پیشەیی لای ستافی خوێندنگەو بەتایبەت ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەخوێندنگەکاندا کێشەی جۆراوجۆر لای خوێندکاران دروستدەکات، وەک وازهێنان لەخوێندن، قۆپیەکردنی خوێندکاران، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، دووگیانبوونی خوێندکاران ولەشفرۆشی، هەموو ئەوکێشانەش هەڵوێستی خراپ ونەرێنی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەکارکردنیاندا دەردەخەن، لێرەدا گرنگ نیە ڕێنماییکاران لە چ ئاستێکی تەمەن یان لەچ ڕەگەزێکن، بەڵکو ئەوان پێویستیان بەپاڵنەریکە بۆئەوەی ڕەزامەندییان بەرامبەر بەکارەکانیان بۆدروست بکات، لێرەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کەنەبوونی ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی چەندین ئاڵنگاری لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی خوێندنگەکان دروست دەکات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەمتر مەیلیان بۆکارەکانیان هەبێت ولەگەڵ ئەوەشدا کەمترین ئاستی پابەندبوونیان هەبێت. (Nwokolo and Anyamene, 2015,4)

**باسی دووەم/** تایبەتمەندی وئەرکەکانی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی وئەرکەکانیان لەخوێندنگەدا، بەم شێوەیە:

**یەکەم**: تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی

پێویست دەکات ڕێنماییکارانی پەروەردەیی خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان بن، لەپێناو یارمەتیدانی خوێندکاران وسەرکەوتنی کارەکانیان، بێگومان بوونی ئەم تایبەتمەندییانە لەڕێنماییکاردا کاریگەری لەسەر ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنماییکار هەیە، لەگرنگترینی تایبەتمەندییەکان:

١_لەڕووی کەسێتی: ئەمیش دەتوانین بەچەند خاڵێک ڕوون بکەینەوە:

أ. یەک لەگرنگترین تایبەتمەندییە کەسێتیەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی ، ئەوەیە هەست بکات بەرپرسیارە بەرامبەر بەخوێندکاران، ئەمیش بەپێی پلانێکی دارێژراو لەلایەنی پیشەیی.

ب. یەکێکی دیکە لەوتایبەتمەندییانەی کەپێویستە لەڕێنماییکاردا هەبێت متمانە بەخۆبوونە، متمانەیەک کەخوێندکار بەهۆیەوە هەست بەدڵنیایی وئارامی بکات، هۆکارێک بێت بۆسەرکەوتنی هەوڵەکانی.

ج. بوونی هەستی مرۆڤایەتی: ئەویش لەڕێگەی خۆشەویستی بۆخوێندکاران وهاوکاریکردنیان، لەبەرئەوە پێویستە ڕێنماییکاری پەروەردەیی ئارەزوویەکی تەواوی بۆکارکردن هەبێت بەبێ ئەوەی سنورە پیشەییەکەی لەبیر بکات.

د. پێویستە ڕێنماییکاری پەروەردەیی نەرم ولێبوردەبێت، بۆئەوەی لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت، چونکە ئاشکرایە خوێندکار هەڵە دەکات لەبەرئەوە ئەگەر ڕێنماییکار لێبوردە نەبێت ناتوانێت ئەوهەڵانە قبوڵ بکات وڕێنماییان بکات.

٢_لەڕووی جەستەیی: مەبەستمان نەبوونی ناتەواوی جەستەییە، کە بەجۆرێک نەتوانێت کاروبارەکانی جێبەجێ بکات وکاریگەری بکاتە سەر ڕۆڵ وئەرکەکانی. (الخطیب،٢٠٠٩، ٢٠)

٣_ لەرووی ژیری: دۆخی کامڵبوونی ژیری ڕێنماییکاری پەروەردەیی نیشان دەدات، کەپێویستە لەپلەیەکی زیرەکی باشدا بێت وپێویستە توانای دەستنیشانکردن وپۆلێنکردنی کێشەکانی خوێندکارانی هەبێت وبتوانێت شیکردنەوە بۆکێشەکانی خوێندکاران بکات.

٤_ لەلایەنی دەروونی: ڕینماییکاری پەروەردەیی لەخوێندنگەدا دەبێت دووربێت لەشڵەژانی دەروونی، مەبەستمان ئەوەیە کەسێکی ئارام وخۆڕاگر بێت وتوانای کۆنترۆڵکردنی خودی خۆی هەبێت وهەروەها بەشێوەیەکی خێرا بڕیار لەسەر بابەتەکان نەدات.

٥_ لەرووی کۆمەڵایەتی: دۆخی کامڵبوونی کۆمەڵایەتی ڕێنماییکاری پەروەردەیی نیشان دەدات، کەمەبەست لێی بنیادنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیە لەگەڵ خوێندکاران وستافی خوێندنگە وخێزانی خوێندکاران. (الخطیب،٢٠٠٩، ٢١)

دووەم: ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەخوێندنگەدا

دەتوانین ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەماوەی ساڵێکی خوێندندا بەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

١_ دانانی پلانی کارکردن بەر لەدەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن.

٢_ ئامادەکردنی تۆمارەکانی ڕێنماییکار، تۆمارکردنی زانیارییە پێویستەکان لەسەر ئەو تۆمارانە بەدرێژایی ساڵی خویندن.

٣_ پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری سەبارەت بەخوێندکاران، وەک یەکێک لەسەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، هەروەها پاراستنی ئەو فۆرمانە بەشێوەیەکی زۆرباش.

٤_ خۆناساندن وناساندنی ئەرکەکانی ڕێنماییکار بەخوێندکاران لەدەستپێکی ساڵی نویی خوێندندا.

٥_ هەماهەنگیکردن وئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرو دەستەی کارگێری ومامۆستایان لەهەردوو وەرزی خوێندندا، هەروەها بەشداریکردن لەو لیژنانەی تایبەتن بەخوێندکاران.

٦_ ڕێنماییکردنی ئەوخوێندکارانەی کەپێویستیان بەڕێنمایی تایبەت هەیە، ئەویش لەژووری تایبەتی ڕێنماییکار وپڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بەڕێنمایی تاکی بۆحاڵەتەکان.

٧_ ئەنجامدانی ڕێنمایی گروپ بۆ ئەوخوێندکارانەی کێشەی هاوشێوەیان هەیە.

٨_ ڕەوانەکردنی ئەو حاڵەتانەی کەپێویستیان بەخزمەتگوزارییەکانی پسپۆران ودامودەزگا دەروونودروستی وتەندروستییەکان هەیە. (سیوەیلی وئەوانی دیکە، ٢٠٢١، ٥٣)-

٩_ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان خێزان وخوێندنگەدا، خۆناساندن وناساندنی ئەرکەکانی بەخێزانی خوێندکاران وئاگادارکردنەوەی خێزانەکان لەکێشە باوەکانی کۆمەڵگە. (سیوەیلی وئەوانی دیکە، ٢٠٢١،٥٤)-

**بەشی سێهەم / میتۆد و ڕێکارە ئاماریەکان**

**١.میتۆدی توێژینەوە**

میتۆد هەروەک جۆلانی پێناسەی دەکات کە بریتیە لە کۆمەڵێک بنەمای زانستیە کە ڕێکارەکانی توێژینەوە ڕێک دەخات (الجولانی ، ٢٠٠٦ ، ل٣٠)

لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە کە گونجاوترینە لەگەڵ سروشتی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان ، زۆرینەی زانایانی بواری کۆمەڵایەتی بۆ گەیشتن بە زانیاری بەداتای ژمارەیی پەنای بۆ دەبەن(عبدالجواد ، ٢٠٠٩ ، ل١٠٩) ، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە کە بریتیە لە دیاریکردنی ئاستی ڕەزامەندی پیشەیی لای ڕێنمایکارانی پەروەردەیی لە خوێندنگە حکومیەکان لەناوەندی شاری سلێمانی ، میتۆی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی دوو جۆری هەیە /

یەکەمیان ( ڕووپێوی گشتگیر/مسح الشامل) دووەمیان ( ڕوێوی بە نمونە /مسح بالعینة)، لەم توێژینەوەیە جۆری دووەم بەکار هاتوە بە وەرگرتنی نمونە لە کۆمەڵگەی گشتی توێژینەوە .

هەروەها بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری (منهج المقارن ) کە ناسراوە بە میتۆدی جیاوازی کردن لە نێوان کات و شوێنی بابەتێکی توێژینەوە لەگەڵ هەمان بابەت بەڵام لە کات و شوێنی جیاواز (حسن ، ٢٠١٢ ، ١٥٥) لە پێناو بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو .

**٢. کۆمەڵگەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لەچەند خاسیەتێک کە توێژەر هەوڵی گشتاندنی دەدات بەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ، جا ئەو کۆمەڵگەیە چین و توێژێک بێت یان کۆمەڵگەی مرۆیی بە گشتی (ابو علام ، ٢٠٠٦ ، ل٤٥) .

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە کۆمەڵێک لە ڕێنمایکارانی پەروەردەیی بەهەردوو ڕەگەز لە خوێندنگە حکومیەکان ، پاش وەرگرتنی ئاماری گشتی دەرکەوت کۆی گشتی ڕێنمایکارانی پەروەردەیی بە هەردوو پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات (٣٨٧)ڕێنمایکارە بەمجۆرە /

*پەروەردەی ڕۆژئاوا (١٥٤) مێ ، (٩٢) نێر

*پەروەردەی ڕۆژهەڵات (٨٤) مێ ، (٥٧) نێر

٣. نمونەی توێژینەوە

نمونەی توێژینەوە بریتیە لە کۆمەڵێکی بەشکراو کە نوێنەری کۆمەڵگە ڕاستەقینەکەیە بە سەرجەم خاسیەتەکانیەوە کە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت (الخفاجی ، ٢٠١٤ ، ل٥٦) .

لێرەدا نمونەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە ڕێنمایکارانی پەروەردەیی لەناوخوێندنگە حکومیەکانی ناوەندی شاری سلێمانی ،بەشێوەی هەرەمەکی بە ڕێژەی (٢٥،٨٣) لە کۆمەڵگەی توێژینەوە وەرگیراوە کە ژمارەیان (٣٨٧) ڕێنمایکارە بە هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا .

٤.سنوری توێژینەوە

* سنوری مرۆیی / رێنمایکارانی پەروەردەیی

* سنوری کاتی / بەرواری ٢٠٢٣/١٠/١تا ٢٠٢٤/١/١

* سنوری شوێنی / خوێندنگە حکومیەکانی ناوەندی شاری سلێمانی

**١.رەگەز**

دابەشبوونی کۆمەڵگەی توێژینەوە وڕێژەی سەدی بەپێی ڕەگەزی بەشداربووان دەخاتە ڕوو

| رەگەز | پەروەردە | ژمارە | ٪ | |
|---|---|---|---|---|
| نێر | رۆژهەڵات | ٥٧ | ،٥٧. | |
| مێ | رۆژهەڵات | ٨٤ | ،٨٤. | |
| نێر | رۆژئاوا | ٩٢ | ،٩٢. | |
| مێ | رۆژئاوا | ١٥٤ | ١،٥٤ | |
| کۆی گشتی | | ٣٨٧ | ١٠٠ | |

دەرخستەی سەرەوە کۆمەڵگەی راستەقینەی توێژینەوە دەخاتەروو ، کە لەرێگەی رووپێوی گشتگیر وەگیراوە ، کە پێکهاتوون لە (٣٨٧) توێژەر بە هەردوو رەگەز لە هەردوو پەروەردەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەرێژەی (٥٧٪) نێر و(٨٤٪) مێ لەپەروەردەی رۆژهەڵات ، لاکاتێکدا رێژەی (٩٢٪) و(١،٥٤٪) لەناو خوێندنگە حکومیەکانی شاری سلێمانی کار دەکەن.

**٢.ئاستی زانستی**

دابەشنوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی ئاستی زانستییان دەخاتە ڕوو

| | ئاستی زانستی | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|---|
| | بەکالۆریۆس | ٩٠ | ٠،٩ |
| | دبلۆمی باڵا | ٤ | ٠،٠٤ |
| | ماجستێر | ٦ | ٠،٠٦ |
| | دکتۆرا | سفر | سفر |
| | کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ |

دەرخستەی سەرەوە ئاستی زانستی نمونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە ، بەجۆرێک هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس بەرزترین ئاستی بەشداربوونیان هەیە کە (، پاش ئەوان بەرێژەیەکی کەمتر هەڵگرانی بڕوانەمەی ماجستێر ودبلۆمی باڵا دێت .

**٣.ئەزمونی کار**

دابەشبوونی نمونەی توێژینەوە بەپێی ئەزممونی کارکردن دەخاتە ڕوو

| ئەزمونی کار | دووبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| کەمتر لە (٥) ساڵ | ٦ | ٠،٦ |
| (٥) ساڵ وکەمترلە (١٠) ساڵ | ٢٠ | ٠،٢ |
| (١٠) ساڵ وکەمترلە (١٥) ساڵ | ٢٣ | ٠،٢٣ |
| زیاتر لە (١٥) ساڵ | ٥١ | ٠،٥١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ |

دەرخستەی سەرەوە ڕێژەی ساڵانی ئەزموونی کارکردنی نمونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو ، بەجۆرێک ڕێژەی (٠،٦٪) ئەزموونیان کەمترە لە (٥) ساڵ ، ورێژەی (٠.٢٪) نزیکی (١٠) ساڵ ئەزمونی کارکردنیان هەیە ، ورێژەی (٠،٢٣٪) زیاتر لە (١٠) ساڵ لەکارکردن بەردەوامن وەک ڕێنمایکاری پەروەردەیی ، پاشان بەرزترین ڕێژە بەرکەوتەی خاوەن ئەزموونی کارە بۆ ماوەی (١٥) ساڵ وبەرەوسەر .

**٤.ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکانی توێژینەوە**

ئامراز لە توێژینەوەی زانستی یەکێکە لە گرنگترین بنەماکان ،لەڕێگەیەوە توێژەر ڕاستی وجێگیری هەندێک لە تیۆرەکان دەسەلمێنێت هەروەها هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی تیۆرە وزانیاری نوێ(الربیعة ، ٢٠١٢ ، ل٢٣)

لەم توێژینەوەیە فۆرمی زانیاری بەکارهاتووە بەپێی پێوەری (لیکارت )ی پێنج پێوانەیی ئەوانیش

(بەتوندی هاوڕام، هاوڕام ، تاڕادایەک لهاوڕام ، هاوڕا نیم ، بەهیچ شێوەیەک هاڕانیم) .

پێکهاتەی فۆرمی زانیاری /

بەشی ئەکەم / زانیاریە سەرەکیەکان لەسەر نمونەی توێژینەوە وەک (ڕەگەز، ئاستی زانستی ، ساڵانی خزمەت (ئەزمونی کار) دەگرێتەوە هەروەک لە خشتەی ژمارە (١و٢و٣)خراونەتە ڕوو.

بەشی دووەم / ئامادەکردنی فۆرمێکی پێنج پێوەری بە (٣) بنمای سەرەکی بە گونجاندن و نەگونجاندن لەگەڵ ڕای نمونەی توێژینەوە .

خستنەڕووی ڕوونکردنەوەی بنەماو برگەکانی پێوانەکردنی ڕەزامەندی پێشەیی لای ڕێنمایکاری پەروەردەیی وبرگەکان دەخاتە ڕوو .

| برگەکان | پرسیارە پەیوەندیدارەکان | ژ.برگەکان |
|---|---|---|
| بنەمای یەکەم | ڕەزامەندی پیشەیی | ٣٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ڕەهەندی یەکەم | تایبەت بە مووچە | ١٠ |
| ڕەهەندی دووەم | پێگەی کۆمەڵایەتی | ١٠ |
| ڕەهەندی سێهەم | پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان | ١٠ |
| بنەمای دووەم | هۆکاری کاریگەر لە ڕەزامەندی | ٣٠ |
| ڕەهەندی یەکەم | لایەنی کارگێری شوێنکار | ١٣ |
| ڕەهەندی دووەم | ژینگەی کارکردن | ٧ |
| ڕەهەندی سێهەم | خولی ڕاهێنان | ١٠ |
| بنەمای سێهەم | ڕەزامەندی لە پیشەی ڕێنمایکاری کۆمەڵایەتی | ١٠ |
| کۆی گشتی | | ٧٠ |

ڕاستی و جێگیری فۆرمی زانیاری /

جێگیری لە توێژینەوەی زانستی ناسراوە بە خاسیەتی لێک نزیکی بەهاو زانیاریەکان لە توێژینەوەی پێوەری (المقیاس) لە هەر جارێک کە دووبارە دەکرێتەوە (العامری ، ٢٠٢٠ ، ل١٩٠).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و جێگیری هەردوو فۆرمی زانیاری لەم توێژینەوەیە ، ئاراستەی کۆمەڵێک لە شارەزایانی ئەم بوارە کراون ، پاشان لەسەر داواکاری هەڵسەنگێنەران توێژەران گۆڕانکارییان کردوە لە برگەکان ، پاشان دووبارە فۆرمەکە دابەسکراوە بەسەر (١٠) کەسی جیا لە نمونەی توێژینەوەکە ، بۆ پێوانەکردنی ڕاستی و

جێگیری و گونجاندنی بۆ میتۆدی پێوانەکاری (مقیاس) ، بەبەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری کۆمەڵایەتی ، پاشان

ئەژمارکردنی زانیاریەکان بە فاکتەری (ئەلفا کرۆنباخ) ، هەروەک لە خشتەی لای خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە.

| ژمارەی برگەکان | فاکتەری ئەلفا | فاکتەری ڕاستگۆیی کەسی |
|---|---|---|
| ٧٠ | ،٨٨. | ،٩٤. |

لەژێر ڕۆشنایی ئەم فاکتەرانە بۆمان دەردەکەوێت کە پرسیارەکان لەناو فۆرمی زانیارییەکە گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەزامەندی پیشەیی لای ڕینمایکاری پەروەردەیی لەناوەندەکانی خوێندنی حکومی وشیاوە بۆ جێبەجێ کردن .

فاکتەری هەڵسەنگاندنی ڕاستی وجێگیری پرسیارەکانی فۆرماکە بەپێی فاکتەرەکان دەخاتە ڕوو.

| | | | |
|---|---|---|---|
| بنەمای یەکەم | ڕەزامەندی پیشەیی کە سێ ڕەهەندی هەیە | ،٩٠. | ،٩٥. |
| ڕەهەندی یەکەم | مووچە وپاداشتی دارایی | ،٨٧. | ،٩٣. |
| ڕەهەندی دووەم | پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێنمایکاری پەروەردەیی | ،٨٧. | ،٩٣. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەهەندی سێهەم | پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ڕێنمایکار | ،٨٨. | ،٩٤. |
| بنەمای دووەم | هۆکاری کاریگەر لەسەر ڕەزامەندی پیشەیی | ،٩٢. | ،٩٦. |
| ڕەهەندی یەکەم | بەڕیوەبردن وکارگێری | ،٩١. | ،٩٥. |
| ڕەهەندی دووەم | ژینگەی خوێندنگە | ،٧٠. | ،٨٤. |
| ڕەهەندی سێهەم | خولی ڕاهێنان | ،٩٢. | ،٩٦. |
| بنەمای سێهەم | ڕەزامەندی لە پیشەی ڕێنمایکاری پەروەردەی | ،٨٨. | ،٩٤. |
| ڕاستگۆیی وجێگیری گشتی بڕگەکان | | ،٩٤. | ،٩٥. |

جێبەجێکردنی فۆرمی زانیاری توێژینەوە/

پاش دابەشکردنی فۆرمی زانیاری بەسەرنمونەی توێژینەوە کە ڕێنمایکاری پەروەردەیی لەناو خوێندنگە حکومیەکانی ناوەندی شاری سلێمانی دەنوێنێ ، پشت بەست بە پێوەری لیکارت بەم شێوەیەی خوارەوە /

*٥٠،. وکەمتر ئەوا ڕەزامەندی پیشەیی لەئاستێکی نزمدایە

*٢،٥١ ــ ٣،٥٠ ئەوا ڕەزامەندی پیشەیی لە ئاستێکی مامناوەنددایە

*٣،٥١-...،٥ئەوا ڕەزامەندی پیشەیی لەئاستێکی بەرزدایە

**٥.ئامرازە ئاماریەکان/**

ئەو زانیارییانەی کەلە فۆرمی زانیاری کۆکراوەتەوە ، شیکردنەوەی بۆ کراوە لە ڕووی ئاماری بەبەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری تایبەت بە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان ، پاشان بەکارهێنانی چەند ئامرازێکی ئاماری وەک (خشتەی دووبارە بونەوە ، بەهای گریمانەیی ، ناوەندی ژمێرەیی ، تاقیکردنەوەی تاکی (الاحادی) بۆ هەڵسەنگاندنی جیاوازیەکان لەڕای تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە .

ناوەندی ژمێرەیی هەڵسەنگاندنی ڕەزامەندی پیشەیی لای ڕێنمایکارانی پەروەردەیی لە ئاست ڕێژەی موچەکانیان دەخاتە ڕوو.

| ژ.بڕگە | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی ڕەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ئەوموچەیەی وەریئەگرم لەگەڵ ماندووبونم گونجاوە | ٢،٠٧ | ١،٠١٥ | نزم |
| ١ | ئەوموچەیەی وەریئەگرم پێداویستیەکانم بەدی دەهێنێت | ٢،٢٠ | ١،٠٣١ | نزم |
| ٣ | ئەوموچەیەی وەریئەگرم لەگەڵ گرنگی کارەکەم گونجاوە | ٢،٢٠ | ١،٢٤٣ | نزم |
| ٥ | بڕی سەرموچەی ساڵانە لەسەر موچە گونجاوە | ٢،٢٣ | ١،١٩٤ | نزم |
| ٤ | ئەوموچەیەی وەریئەگرم گونجاوە لەچاو موچەی هاوکارانم | ٢،٥٧ | ١،١٦٥ | ناوەند |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | چالاکیەکانی ناو خوێندنگە هاوکارە بۆ بەرەوپێش چونم | ٢،٩٣ | ١،٢٥٨ | ناوەند |
| ١٠ | هەلی بەرزکردنەوەی وەزیفی دادپەروەرانەیە | ٣،١٠ | ١،٢٦٩ | ناوەند |
| ٨ | پێوەرەکانی پلە بەرزکردنەوە روونن | ٣،٣٠ | ١،١٤٩ | ناوەند |
| ٦ | سیستەمی پاداشت کاری پێدەکرێت لەناو خوێندنگە | ٣،٤٣ | ١،١٩٤ | ناوەند |
| ٩ | پلە بەرزکردنەوە بەپێی پێش کەوتوویی ئاست دەکرێت | ٣،٥٣ | ١،٢٢٤ | بەرز |
| | ناوەندی گشتی رەهەندی(١) | ٢،٨٦ | ١،١٧٤ | ناوەند |

دەرخستەی سەرەوە ناوەندی ژمێرەیی رەهەندی موچە وپاداشت دەخاتە روو کە (٢،٠٧ تا ٢،٨٦)هەندێکیان بەرز و مامناوەندن ، بەڵام زۆرینە ئاستێکی نزمی تۆمارکردوە هەروەک پرسیاری ژمارە(٩) کە پاداشت بەپێی لێهاتووییە لەکاتێکدا لە پرسیاری ژمارە (٣) ئاستێکی نزمی رەزامەندی تۆمارکردوە لەو رووەی کە بری مووچە لە ئاستی گرنگی کاری رێنمایکاردا نیە ، لەکۆتایدا ناوەندی گشتی کاریگەری موچەو دەرماڵە بەرزە لەگەڵ نزم بونەوەی ئاستی رەزامەندی کە گەیشتوەتە (٢،٨٦) .

بەهای ناوەندی ژمێرەی وچەماوەی پێوانەیی لە رەزامەندی پیشەیی رێنمایکاری پەروەردەیی دەخاتە رووسەبارەت بە رەهەندی دووەمی بنەمای یەکەم ئەویش پێگەی کۆمەڵایەتییە .

| ژ.برگە | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | هەلی بەشداریکردن رەخساوە بۆ بونی رۆڵم لە بریارەکانی خوێندنگە | ٣،١٣ | ١،٤٠٨ | ناوەند |
| ١٥ | ئەم کارەی ئەیکەم ئاواتەکانم بەدی دەهێنێت | ٣،٣٧ | ١،٣٥١ | ناوەند |
| ١٧ | چاودێری کردن وسەرپەرشتیکردنی کارەکانم ئازادیشی تێدایە | ٣،٣٧ | ١،٠٩٨ | ناوەند |
| ١٩ | هەلی دەربرینی بیروڕای کەسیم بۆ دابین کراوە | ٣،٥٣ | ١،٣٠٦ | بەرز |
| ١٤ | ئەم کارەی ئەیکەم لەگەڵ تواناکانم گونجاوە | ٣،٧٧ | ١،٢٥١ | بەرز |
| ١٢ | ئەم کارە هەستکردن بە ئارامی دەروونی تێدایە بۆم | ٤،٠٠ | ١،٢٠٣ | بەرز |
| ١٨ | هەلی داهێنان رەخساوە بۆم لەکارەکەم | ٤،٠٧ | .،٨٦٨ | بەرز |
| ١٣ | کارەکانم خاسیەتی روون وئاشکرا لەخۆدەگرێت | ٤،١٠ | .،٩٦٠ | بەرز |
| ١٦ | لەرێی ئەم کارەم لێهاتوویی نوێم بەدەست هێناوە | ٤،١٧ | .،٩٨٦ | بەرز |
| ١١ | ئەم کارەی ئەیکەم گرنگی زۆری هەیە لە کۆمەڵگە | ٤،٤٠ | .،٩٨٦ | بەرز |
| | ناوەندی گشتی رەهەندی(٢) | ٣،٧٩ | ١،١٢ | بەرز |

دەرخستەی سەرەوە ناوەندی ئاستەکانی رەزامەندی رێنمایکاران دەخاتەروو سەبارەت بە (پێگەی کۆمەڵایەتی ) کەلە نێوان (٣،١٣ تا ٤،٤٠) هەندێکیان رەزامەنسی مامناوەندە هەروەک پرسیاراکانی (١٥و١٧و٢٠) لە پێدانی هەلی بەشدایکردن لە بریارە گرنگەکان ، هینانەدی ئاواتەکانی رێنمایکار لەرێگەی پیادەکردنی پیشەکەی ، پێدانی ئازادی لە چاودێریکردن وبەدواداچوون ، لەکاتێکدا رەزامەندی لە ئاستێکی بەرزدایە وەک پرسیارەکانی (١٢و١٣و١٨و١١) لەوانەش کە بەرزترین ئاستی تۆمار کردوە ئەویس ئەو کارەی رێنمایکار ئەنجامی ئەدات گرنگی بەرچاوی هەیە بۆ خوێندنگە و کۆمەڵگەش .

بەهای ناوەندی ژمێرەی وچەماوەی پێوانەی لە رەزامەندی پیشەیی رێنمایکاری پەروەردەیی دەخاتەروو سەبارەت بە رەهەندی سێهەمی بنەمای یەکەم ئەویش پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە لەناو خوێندنگە .

| ژ.برگە | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | پەیوەندی رێنمایکاران لە خوێندنگە بابەتی یە کەسی نیە | ٣،٥٢ | ،٠٤٢. | بەرز |
| ٢٤ | رێنمایکاران سەردان وپەیوەندی گونجاویان هەیە لەگەڵ هەموان | ٣،٦٠ | ١،١٠٢ | بەرز |
| ٢٧ | رێنمایکاران بەشدارییان پێ دەکرێت لە بۆنەو ئاهەنگەکانی خوێندنگە | ٣،٧٣ | ،٩٨٠. | بەرز |
| ٢٩ | بەرێوەبەر چالاکانە پەیوەندی پیشەیی لەگەڵ رێنمایکاران هەیە | ٣،٨٧ | ،٩٠٠. | بەرز |
| ٢٦ | پەیوەندیەکانی رێنمایکاران لەخوێندنگە بەگشتی گونجاوە | ٣،٩٣ | ،٩٠٧. | بەرز |
| ٢٨ | بەستنی پەیوەندی هاورێیەتی کارێکی ئاسانە بۆ رێنمایکاران | ٤،٠٧ | ،٧٤٠. | بەرز |
| ٢٥ | رێنمایکاران چارەسەری کێشە تایبەتەکانی ناو خوێندنگە دەکەن | ٤،١٠ | ،٧٥٩. | بەرز |
| ٢١ | گیانی هاوکاری لەلای رێنمایکاران بەروونی دیارە | ٤،٣٠ | ،٦٥١. | بەرز |
| ٣٠ | رێزی ئاڵوگۆری نێوان رێنمایکاروبەخێوکاری خوێندکار هەیە | ٤،٣٣ | ،٦٦١. | بەرز |
| ٢٢ | رێزی ئاڵوگۆرکراو هەیە لەنێوان رێنمایکارو هاوکاران لە خوێندنگە | ٤،٤٠ | ،٤٩٨. | بەرز |
| | ناوەندی گشتی رەهەندی(٣) | ٣،٩٨ | ،٨٤١. | بەرز |

دەرخستەی سەرەوە ناوەندی رەزامەندی رێنمایکاران روون دەکاتەوە سەبارەت بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ، لێرەدا بەرزترین ئاستی رەزامەندی تۆمارکراوە کە رێژەکەی دەکەوێتە نێوان (٣،٥٢) هەروەک لەپرسیاری ژمارە (٢٣) بەرزی رەزامەندی هەیە دەربارەی نەبوونی جیاوازی لەمامەڵەکردنی رێنمایکارانی پەروەردەیی تا دەگاتە ئاستی (٤،٤٠) لە پرسیاری ژمارە (٢٢) کە تایبەتە بە بوونی رێزی ئالوگۆری نێوان خودی رێنمایکاران

بەهای ناوەندی ژمێرەیی و چەماوەی پێوانەیی لە رەزامەندی پیشەیی رێنمایکاری پەروەردەیی دەخاتەروو سەبارەت بە رەهەندی یەکەمی بنەمای دووەم ، ئەویش بەرێوەبردن ولایەنی کارگێری خوێندنگەیە.

| ژ.برگە | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| ٣٣ | سیفەتی دادپەروەری لەبەرێوەبردندا بەدی دەکرێت | ٣،٣٠ | ١،١١٩ | ناوەند |
| ٤٠ | هۆکاری گونجاو بوونی هەیە بۆ دەستبەرداربوون لە راژەی کەسێک | ٣،٣٠ | ١،٢٣٦ | ناوەند |
| ٣٧ | گرنگی دەدرێت بە رێنمایکاری سەرکەوتوو و لێوەشاوە | ٣،٥٧ | ١،١٩٤ | بەرز |
| ٣١ | بریاردان لەناو خوێندنگە بابەتی یە وکەسی نیە | ٣،٦٣ | ١،٢٤٥ | بەرز |
| ٣٢ | گرنگی بەپێگەی رێنمایکاری پەروەردەیی دەدرێت لەلایەن کارگێری | ٣،٧٣ | ١،٠٨١ | بەرز |
| ٣٦ | بەرێوەبەر جەخت دەکاتەوە لەسەر لەدەست نەدانی رێنمایکاری دڵسۆز | ٣،٧٣ | ١،١٧٢ | بەرز |
| ٤١ | بریارەکانی کارگێری خوێندنگە روون وئاشکران | ٣،٨٣ | .،٩٥٠ | بەرز |
| ٣٤ | هەلومەرجی تایبەتی رێنمایکار لەلایەن گارگێری لەبەرچاو دەگیرێت | ٣،٨٧ | .،٩٧٣ | بەرز |
| ٣٩ | درگای بەروەبەر هەمیشە والآیە بۆ داواکاریەکانی رێنمایکار | ٣،٨٧ | .،٩٣٧ | بەرز |
| ٣٥ | بەرێوەبەر گوێ بۆ سەرجەم پێشنیارەکان دەگرێت | ٣،٩٣ | .،٧٤٠ | بەرز |
| ٣٨ | کارگێری کاردەکات بۆ باشترکردنی کاری پیشەیی رێنمایکاران | ٤،٠٠ | .،٨٧١ | بەرز |
| ٤٢ | بەرێوەبەر توانایەکی باشی هەیە لەکارەکەیدا | ٤،٠٧ | .،٩٨٠ | بەرز |
| ٤٣ | خودی بەرێوەبەر کاری بدواداچون دەکات | ٤،١٧ | .،٨٧٤ | بەرز |
| | ناوەندی گشتی رەهەندی (١) | ٣،٧٧ | ١،٠٢١ | بەرز |

دەرخستەی سەرەوە جیاوازی ناوەندی دەخاتەروو لەنێوان پرسیارەکانی (٣٣و٤٠) کەئاستی رەزامەندی تیایاندا (٣،٣٠)کە ئاستێکی مامناوەندە وەک نەبوونی هۆکاری شایستە بۆ دەستبەردار بوون لە راژەی فەرمانبەرێک ، لەکاتێکدا لە پرسیارەکانی ژمارە ( ٣٨و٤٢و٤٣)ئاستێکی بەرزی رەزامەندی تۆمارکراوە کە تایبەتە بە هەوڵی لایەنی کارگێری بۆ باشتر کردنی پیشەی رێنمایکاران ، هەروەها کاری بەرێوەبەر لای رێنمایکاران رەزامەنی باشی بەدەستهێناوە کە خۆی کاری بەدواداچوون دەکات .

بەهای ناوەندی ژمێرەیی و چەماوەی پێوانەیی لە رەزامەندی پیشەیی رێنمایکاری پەروەردەیی دەخاتەروو سەبارەت بە رەهەندی دووەمی بنەمای دووەم ، ئەویش کاریگەری ژینگی خوێندنگە .

| ژ.برگە | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| ٤٧ | رووبەری ژوورەکەم گونجاوە بۆ کارەکەم | ٢،٩٣ | ١،٣٦٣ | ناوەند |
| ٤٦ | رووبەری پۆلەکان گونجاون بۆ خوێندنی خوێندکارەکان | ٣،٧٣ | ١،١٤٣ | بەرز |
| ٥٠ | تەکنەلۆجیا دابین کراوە بۆ ئاسانکاری | ٣،٨٧ | .،٩٠٠ | بەرز |
| ٤٨ | کەلوپەلی ژوورەکەم گونجاوە لەگەڵ کاری رێنمایکار | ٣،٩٧ | ١،١٥٩ | بەرز |
| ٤٩ | پێداویستیەکانی نوسینگەیی دابینکراوە | ٤،٣ | .،٩٩٩ | بەرز |
| ٤٤ | رووناکی و هەواگۆرکێ لە ژوورەکەمدا هەیە | ٤،٣٣ | .،٨٨٤ | بەرز |
| ٤٥ | رووناکی دەستکردی وەک گڵۆپ گونجاوە | ٤،٤٧ | .،٨١٩ | بەرز |
| | ناوەندی گشتی رەهەندی (٢) | ٣.٩٠ | ١،٠٣٨ | بەرز |

دەرخستەی سەرەوە ناوەندی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنیرەزامەندی پیشەیی سەبارەت بە ژینگەی خوێندنگە دەخاتە روو کەئاستێکی بەرزی بەدەستهێناوە کە (٣،٧٣ ت ٤،٤٧) بە تایبەت لە پرسیارەکانی (٤٦و٤٨و٤٩و٥٠و٤٤و٤٥) لەبەرامبەر پرسیاری ( ٤٧) کە رەزامەندی پلەیەکی کەمتری وەرگرتوە کە (٢،٩٣) کە رووبەری ژووری رێنمایکارە ، ئەمەش سروشتی کارەکە وا دەخوازێت کە رێنمایکاری پەروەردەیی ژوورێکی فراوانی هەبێت تا باشتر خزمەتەکانی پێشکەشی خوێندکار بکات بەپێچەوانەوە ئاستی رەزامەندی دادەبەزێت لە نەبوونی .

بەهای ناوەندی ژمێرەیی و چەماوەی پێوانەیی لە رەزامەندی پیشەیی رێنمایکاری پەروەردەیی دەخاتە روو سەبارەت بە رەهەندی سێهەمی بنەمای دووەم ، ئەویش بەشداریکردن لە خولی راهێنانە .

| ژ.برگە | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی رەزامدندی |
|---|---|---|---|---|
| ٥٧ | بەرنامەکانی خولی راهێنان ئامانجەکانم بەدی دەهێنێت | ٣،٢٧ | ١،١١٢ | ناوەند |
| ٥٤ | ماوەی خولەکان گونجاوە | ٣،٥٧ | ١،٠٧٣ | بەرز |
| ٥٦ | هەڵسەنگاندن هەیە بۆ خولەکان پاش تەواو بوونیان | ٣،٧٧ | .،٨٥٨ | بەرز |
| ٥١ | کردنەوەی خولەکان پلان بۆ دارێژراوە | ٣،٨٠ | .،٨٤٧ | بەرز |
| ٥٢ | بابەتی خولەکان زۆربەی جار گونجاون لەگەڵ جۆری کارەکەم | ٣،٨٣ | .،٨٣٤ | بەرز |
| ٥٥ | شوێنی ئەنجامدانی خولەکان گونجاوە | ٣،٨٣ | .،٧٧٦ | بەرز |
| ٥٣ | بەرنامەکانی خولەکان پێچەوانەی پرۆگرامی خوێندن نین | ٣،٨٧ | .،٦٤٠ | بەرز |
| ٥٩ | لەرێگەی خولی راهێنان لێهاتوویی نوێ بەدەست دێنم | ٤،٠٧ | .،٧٤٠ | بەرز |
| ٦٠ | لەرێگەی خولی راهێنان ئاشنای شێوازی نوێ ی فێرکردن دەبم | ٤،٠٧ | .،٧٨٥ | بەرز |
| ٥٨ | ئەم خولانە یارمەتیدەرن بۆ گۆرینەوەی ئەزموون لەنێوانماندا | ٤،١٠ | .،٦٦٢ | بەرز |
| | ناوەندی گشتی رەهەندی ٣ | ٣،٨٢ | .،٨٨٣ | بەرز |

دەرخستەی سەرەوە ناوەندی گشتی ئاستی ڕەزامەندی پیشان دەدات ، کە ڕەزامەندی ڕێنمایکارانی پەروەردەیی لە بەرزترین ئاستدایە لە ڕەهەندی تایبەت بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان کەلەلایەن کۆمەڵەی کۆمەڵکاران بەهەماهەنگی وەزارەتی پەروەردە ڕێک دەخرێت و جێگەی پێزانین و ڕەزامەندی ڕێنمایکارانە ، بەتایبەت لە پرسیاری ( ٥٨) کە ئاستی ڕەزامەندی گەیشتوەتە (٤،١٠) کە تایبەتە بە گۆڕینەوەی ئەزموون و لێهاتوویی لەنێوان ڕێنمایکارانی پەروەردەیی لەڕێگەی بەشداربوونییان لە خولەکانی ڕاهێنان ، لەبەرامبەردا لە پرسیاری (٥٧) ئاستی ڕەزامەندی دێتە خوارەوە بۆ (٣،٢٧) تایبەت بە بەرنامەکانی خولەکان کە لەئاستی چاوەڕوانی ڕێنمایکاراندا نیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان .

ناوەندی ژمێرەیی وچەماوەی پێوانەیی لە ڕەزامەندی پیشەیی ڕێنمایکاری پەروەردەیی دەخاتەڕوو سەبارەت بە بنەمای سێهەم ،ئەویش ڕەزامەندیە لە پیشەی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە خوێندنگە.

| ژ.برگە | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی ڕەزامەندی |
|---|---|---|---|---|
| ٦٣ | بەکارهێنانی شێوازە سەردەمیەکان لەکاری ڕێنمایکاری پەروەردەیی | ٣،٨٣ | ،٧٤٧. | بەرز |
| ٦٨ | بەشدایکردن لەچالاکی خوێندنگە تایبەت بەکاری ڕێنمایکار | ٤،٣٠ | ،٧٠٢. | بەرز |
| ٦٩ | گرنگیدان بە چاوپێکەوتنم لەگەڵ بەخێوکارانی خوێندکاران | ٤،٤٠ | ،٦٢١. | بەرز |
| ٧٠ | بەشداری لە بۆنەی فەرمی وئاهەنگەکانی خوێندنگە | ٤،٤٣ | ،٦٢٦. | بەرز |
| ٦٢ | بەکارهێنانی لێهاتوویی کەسی وپیشەیی لەکاتی مامەڵەی خوێندکار | ٤،٤٧ | ،٦٢٩. | بەرز |
| ٦١ | بەرپرسیارێتی پیشەیی لەئەستۆی ڕێنمایکاری پەروەردەییە | ٤،٥٠ | ،٦٣٠. | بەرز |
| ٦٥ | لەبەرچاوگرتنی جیاوازیەکان لەناو خوێندکاران | ٤،٥٣ | ،٥٧١. | بەرز |
| ٦٤ | پێدانی هەلی داهێنان بە خوێندکاران | ٤،٥٧ | ،٥٦٨. | بەرز |
| ٦٦ | چاودێری کردن وبەدواداچوونی خوێنکاران وکێشەکانیان | ٤،٥٧ | ،٥٦٨. | بەرز |
| ٦٧ | پاراستنی نهێنیەکانی خوێندنگە وخوێندکار | ٤،٦٠ | ،٥٦٣. | بەرز |
| | ناوەندی گشتی بنەمای (٣) | ٤.٤٢ | ،٦٢٣. | بەرز |

دەرخستەی سەرەوە ناوەندی گشتی ڕەزامەندی ڕێنمایکاران پیشان دەدات لە ڕەهەندی تایبەت بە خودی ڕێنمایکاران بۆ پیشەکەیان ، کەلەڕاستیدا ئاستێکی بەرزی تۆمارکردوە لە سەرجەم پرسیارەکان و بە تایبەت پرسیاری (٦٧) تایبەت بە پاراستنی نهێنی خوێندنگە وخوێندکار ، ئەم پالپشتی یە بەڵگەیە بۆئەوەی خۆشبەختانە زۆرینەی ڕێنمایکاران ئەم سیفەتە بەرز دەنرخێنن وگرنگی پێ دەدەن ، هاوکات کاری چاودێری کردن وبەدوادا چونی کێشەی خوێندکار لە کارە لە پێشینەکانی ڕێنمایکاری پەروەردەییە .

**بەشی دووەم /**

**گفتوگۆی ئەنجامەکانی توێژینەوە**

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتوە ، هەروەک لە پێشتر بە خشتە خراونەتە روو ، رەزامەندی پیشەیی لای رێنمایکارانی پەروەردەیی لە ئاستێکی بەرزدایە بەپێی پێوەری (لیکارت)ی پێنج رەهەندی ، بەجۆرێک ناوەندی ژمێرەیی گشتی رەهەندی رەزامەندی پیشەیی گەیشتوەتە (٣،٥٤)وچەماوەی پێوانەیی (١،٠٤٥)یەک بەدوای یەک ، سەرەتا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی رێنمایکارکەرێژەکەی (٣،٩٨) ودوابەدوای پێگەی کۆمەڵایەتی رێنمایکار رێژەکەی (٣،٧٩)،لەکاتێکدا کەمترین رێژە بۆ مووچە وپاداشتی دارایی بوە کە (٢،٨٦) بوە ، لێرەدا ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە بەدیهاتووە کە دیاری کردنی ئاستی رەزامەندی پیشەییە لای رێنمایکاران بەپێی /

١.گۆراوی موچە / بەپێی ئەم گۆڕاوە رەزامەندی پیشەیی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە ، بەتایبەت لە ئێستادا کە قەیرانی ئابوری بەردەوامە ، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر ئاستی رەزامەندی پیشەیی .

٢.گۆڕاوی پێگەی کۆمەڵایەتی / بۆمان دەرکەوت پێگەی کۆمەڵایەتی ئاستێکی مامناوەندی هەیە لە کاریگەری لەسەر رەزامەندی پیشەیی ، هەرچەندە لەئاست چاوەروانی رێنمایکاراندا نیە لە ئێستادا .

٤.پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان / ئاستێکی بەرزی تۆمارکردوە ، پەیوەندیکردن هۆکاری سەرەکی سەرخستنی پیشەی رێنمایکاری پەروەردەییە .

لەرۆشنایی ئەو زانیارییانەی بەدەست هاتوون ، کاریگەریەکان لەسەر رەزامەندی پیسەیی رێنمایکاری پەروەردەیی لە ئاستێکی بەرزدایە ، بەجۆرێک رێژەی ناوەندی ژمێرەیی گشتی (٣،٨٣)ە ، و چەماوەی پێوانەیی (٩٨١،.)ە ، لێرەدا جیاوازی بەدی دەکەین لە وەڵامەکانی نمونەی توێژینەوە ، بۆ نمونە رێژەکان بە پێی ناوەندە ژمێرەییەکان هاتوە ، لەپلەی یەکەم ژینگەی خوێندنگە کەرێژەکەی (٣،٩٠) ە ، دواتر خولەکانی راهێنان دێت بەرێژەی (٣،٨٢) ، لە پلەی سێهەم مامەڵەی لایەنی کارگێری دێت کە رێژەکەی (٣،٧٧)ە .

بۆمان دەرکەوت بەرزی ئاستی رەزامەندی ئەگەرێتەوە بۆ دادپەروەری لایەنی کارگێری لەمامەڵەکردنی لەگەڵ فەرمانبەرانی ناو خوێندنگە کە رێنمایکار بەشێکە لەوان ، هەروەها هەست کردنییان بە گرنگی پیشەکەیان لەناو خوێندنگە ، وبوونی کەشێکی ئارام لە رووی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ رێنمایکاران ، دەرکەوت کە بەشداری کارای رێنمایکار لەناو خوێندنگە بوونی هەیە لە رووەکانی بریاردان وبەشداری کایگەر لەسەر هاوکارانیان لە مامۆستایان و خوێندکاران وبەخێوکارانیان .

ئەمەش روونکردنەوەیە بۆ بوونی کاریگەری رۆڵی بەرێوبەرانی خوێندنگە لەسەر رەزامەندی پیشەیی لەی رێنمایکارانی پەروەردەیی ، ئەویش بەگرتنەبەری تەکنیکی پێدانی پێزانین و پاداشت بە فەرمانبەری چالاک ودڵسۆز وپاڵپشتی کردنی ، هەروەها رەخساندنی کەشی ئارام لەرووی کۆمەڵایەتی ودەرونی بۆ هەموان ، بەکارهێنانی شێوازی نوێی بەرێوەبردن وپێدانی ئازادی یاخود دابەشکردنی دەسەڵاتەکان .

لێرەدا بەگرنگی دەزانین چاوخشاندنەوە بۆ رەهەندی مووچە وپاداشتی دارای بکەین کە کاریگەرن بۆباشترکردنی ئاستی پابەند بوون وچالاک بوون لەکاری رێنمایکاری پەروەردەیی ، لەبەرئەوەی باری ئابووری کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە ولەناویاندا رێنمایکاری پەروەردەیی ، هەرچەندە رەهەندەکانی دیکە ئاستی رەزامەندی بەرزییان بەدی هێناوە بەڵام لایەنی ئابووری کاریگەرە لەسەر فەراهەمکردنی رەزامەندی بۆ رێنمایکارانی پەروەردەیی لەناو خوێندنگەدا.

سەبارەت بە ئامانجی سێهەمی توێژینەوە ، ئەوا پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لەنێوان رەزامەندی پیشەیی و پیشەی کاری رێنمایکاری پەروەردەیی ، بۆ نمونە ناوەندی ژمێرەی رەزامەندی لە پیشە ئاستێکی بەرزی بەدیهێناوە کە دەکاتە ( ٣.٥٤ ) ، هەروەها تێبینی دەکرێت ئاستی خۆگونجاندی رێنمایکاران ئاستێکی بەرزی هەیە رێژەی ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە ( ٣.٩٨) ، لەرووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان لەگەڵ هاوپیشەکانیان وهاوکارانیان لە کار ، ئەمەش هۆشیاری رێنمایکار دەخاتە روو لە پەیوەندی بە خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی کاروژینگەی دەوروبەر لەپێناو سەرخستنی کارەکەی ئەمەش بۆ خۆی رەزامەندی بەدی دەهێنێت .

**راسپاردەکان**

١.کارکردن بۆ باشتر کردنی باری ئابوری بژێوی فەرمانبەران بە گشتی ورێنمایکاری پەروەردەیی بە تایبەتی ، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ هێنانەدی رەزامەندی پیشەیی .

٢.ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە تواناکانی رێنمایکاری پەروەردەیی بە گشتی ولەناو خوێندنگەکان بەتایبەتی لە بوارەکانی پەرەپێدان و بەرز کردنەوەی ئاستی فێربوون .

٣.بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی وکاریگەر بوون لەسەر رای گشتی دەربارەی گرنگی رۆڵی رێنمایکاران وپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی بەوکەسانەی لەم پیشەیە کار دەکەن .

پێشنیارەکان

١.ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی ئەو هۆکارانەی کاریگەری دروست دەکەن لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی رەزامەندی پیشەیی لای رێنمایکاری پەروەردەیی .

٢.دامەزراندی پەیمانگایەکی فێرکاری وزانستی لە پێناو بەرەو پێشچوونی رێنمایکارانی پەروەردیی لە رووی زانستی و پیشەیی ، ئەمەش هۆکارە بۆ گۆرینەوەی ئەزمونەکان لەرێگەی کردنەوەی خولی بەردەوام .

٣. رەخساندنی هەلی ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش لەنێوان ناوەندە ئەکادیمیەکان وناوەندەکانی خوێندن لەسەر ئەو پرسانەی کە رێنمایکاری پەروەردەیی خاڵی هاوبەشە تیایدا.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: پەرتووکە عەرەبییەکان**

١- الخطيب، د.عبدالرحمن(٢٠٠٩). الخدمة الاجتماعية، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة.

٢- صابر، د.نيان نامق(٢٠٠٧). الرضا الوظيفي لدى اعضاء هيئة التدريسين في كليات جامعة السليمانية وعلاقته ببعض المتغيرات، المؤتمر العالمي للتعليم العالي في العراق.

٣- غفور، رزگار مصطفى(٢٠١٣). الرضا الوظيفي الأخصائي الاجتماعي وعلاقته بالكفاية المهنية، أطروحة دكتوراه غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، جامعة السليمانية.

١.الجولانى ، فادية ، تصميم البحوث الاجتماعية ، الاسكندرية ، المكتبة المصرية ، ٢٠٠٦ ، ل٣٠.

٢.الحسن ، احسان محمد ، مناهج بحث الاجتماعى ، عمان دارالوائل ، ٢٠٠٥ ، ط١ ، ل١٥٥.

٣.ابوعلام ، رجا ، مناهج البحث فى العلوم الانسانية والتربوية ، القاهرة ، دار النشر للجامعات ، ٢٠٠٦ ،ط٥ ، ل٤٥ .

٤.الخفاجى ، حيدر عبدالرضا ، دليل التطبيقى فى كتابة البحوث النفسية والتربوية ، بغداد ، الكلمة الطيبة للطباعة ، ٢٠١٤ ، ط١ ، ل ٥٦ .

٥.الربيعة ، عبالعزيز بن عبدالرحمن بن على ، البحث العلمى حقيقته و مصادره ، مكتبة العبيكان للنشر ، ٢٠١٢ ، ط٦ ، ل ٢٣ .

٦.العامرى ، حمد بن سالم ، نمهج البحث فى العلوم السلوكية ، الرياض ، العبيكان للنشر ، ٢٠٢٠ ، ل١٩٠ .

**دووەم: پەرتووکە کوردییەکان**

١- قادری، چنور وئەوانی دیکە(٢٠٢١). دەروازەیەک بۆکاری کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٢- سیوەیلی، سامان وئەوانی دیکە(٢٠٢١). ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە.

٣- ئەحمەد، کەمال (٢٠٠١). سیستەمی پەروەردەیی لەنێوان یاسا ومافەکانی مرۆڤدا، گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی، ژمارە ٢، سلێمانی.

٤- حەسەن، شاتوو فەرهاد(٢٠٢٣). ڕەزامەندی پیشەیی مامۆستایانی زانکۆ، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوە، پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کاری کۆمەڵایەتی کراوە، زانکۆی سلێمانی.

**سێیەم: سەرچاوە بیانییەکان**

1- Meier, Laurenze and E.Spector Paul (2013). Job Satisfaction, Research gate, Volum 5, VI, 12,18.

2- More, Dr. Dada sahib (2023). Job Satisfaction Concept and Theories, Journal of Emerging Technologies and Inovate Research (J.E.T.I.R), Volum 10, Issue 2, India.

3- Gavalda, Jose Maria Sana huja(2022). Methods and Approaches in Educational Guidance, University at Autonoma de Barcelona.

4- Al Jenaibi, Badreya(2010)., Job Satisfaction Comparisons Among Diverse public organizations in the U.A.E, Canadian Academy of Orental and Occidental Culture, Management Science and Engineering, Vol.4, No.3.

5- Nwokolo, Dr. Chinylelu and Anyamene Dr. Ada (2015). Relationship between Job Satisfaction and Commitment among Secondary School Consellors in Anambra State-Nigeria, European Journal of Education studies, African Education, Namdi Azikiwe University, Anambra state, Nigeria.

6- Azari B. (2011), Job Satisfaction a Litreature Revew, Management Research and Practive, Faculty of Business and Economics South East European University, Vol.3, ISSUE 4.

**Abstract**

The aim of this study is to determine the level of professional satisfaction of educational counselors according to the principles of (salary, social status, social relationships), present the factors affecting professional satisfaction in terms of (administrative aspects, working environment, training courses). The research consists of three parts. The first part includes the main genres of the research and definition of concepts and previous research. The second part of the research is the importance of professional satisfaction and its effects and characteristics of educational counselors Objectives of the study. The third part of the research is devoted to the framework of the research method and field measures, and to achieve the objectives of the research methods (descriptive, social survey, comparative) was used. The sample of the study consists of (100) educational counselors who were randomly selected. The most important

research tools are (measurement) to measure the professional satisfaction of educational counselors, and then the results of the study are presented:

1- The level of professional satisfaction of educational counselors according to the principles of (social status and social relations) in public schools in central Sulaimani is high, but according to the principle of (salary) is low.

2. The satisfaction of educational guides in their profession is high.

3. The relationship between professional satisfaction and professional practice of counselors in schools is positive.

4- There is a statistical relationship between professional satisfaction according to (management, working environment and participation in training courses), which is the reason for the commitment of instructors to their profession in school.

الملخص

يهدف البحث الحالي الى تحديد مستوى الرضا الوظيفي للمرشدين التربويين بحسب متغييرات (الدخل، المكانة الاجتماعية، العلاقات الاجتماعية)، وعرض العوامل المؤثرة على الرضا الوظيفي بحسب (الجانب الاداري، بيئة العمل، الدورات التدريبية)، وكذلك يهدف البحث الى معرفة العلاقة بين الرضا الوظيفي وعمل المرشد التربوي. يتكون البحث من ثلاث فصول، ينطوي الفصل الأول على العناصر الأساسية للبحث وتعريف المفاهيم ودراسات سابقة. يتكون الفصل الثاني من أهمية الرضا الوظيفي وتأثيراته وخصائصه و واجبات المرشد التربوي، أما الفصل الثالث يحتوي على الاطار المنهجي والاجراءات الميدانية للبحث، ومن أجل الوصول الى الأهداف المرجوة تم الاعتماد على المناهج (الوصفية، المسح الاجتماعي، المقارنة). وقد تكون عينة البحث من (١٠٠) مرشد تربوي تم اختيارهم بالطريقة العشوائية. ومن أهم أدوات البحث كان المقياس لقياس الرضا الوظيفي لدى المرشد التربوي، وقد توصل البحث الى عدد من النتائج أهمها:

١- مستوى عالي للرضا الوظيفي للمرشدين التربويين بحسب متغيرات (المكانة الاجتماعية، العلاقات الاجتماعية) في المدارس الحكومية في مدينة السليمانية، لكن مستوى منخفض بحسب متغير(الدخل).

٢- الرضا الذاتي للمرشد التربوي عن وظيفته مستوى مرتفع.

٣- توجد علاقة ايجابية في العلاقة بين الرضا الوظيفي والعمل الوظيفي للمرشدين التربويين في المدارس.

٤- هناك علاقة احصائية بين الرضا الوظيفي والجانب الاداري وبيئة العمل ومشاركتهم في الدورات التدريبية. ويعتبر هذا منحفزا لالتزام المرشدين التربويين بوظيفتهم في المدرسة.